# داعش میراتگری کولتووری توندوتیژیی ئیسلامییه .. ڕەزاشوان



ئاینی ئیسلام لە نیوچە دوورگەی عەرەبیدا سەری هەڵدا، لە نێو کۆمەڵگایەکی عەرەبی کۆچەریدا، کە هۆزە عەرەبەکان لە ململانێ و شەڕ و توندوتیژییەکی بەردەوامدابوون .. سەر گیا و پووش و پەڵاش و ئاو و داگیرکردن و تاڵانی و تۆڵە و دەسەڵاتدا .. ە بە سەردەمی نەزانین و تاریکی عەرەب ناودەبرێت.

کە ئاینی ئیسلامیش ەری هەڵدا، گوایە ناوی ( ئیسلام ) لە وشەی **(سلام:** ئاشتی ) یەوە هات**ووە** .. ەڵام لە ڕاستیدا، تا ئەمڕۆش لە سایەی دەسەڵاتی ئیسلامیدا هیچ ئاشتییەکمان بەدی نەکردووە .. ئاینی ئیسلام لە نێو عەرەب و لە نێو نەتەوەکانی تردا کە عەرەب نەبوون، وەکو کورد و فارس و ئەمازیغی و ئەزەری و .. هتد، بە ئارەزووی خۆیان نەبوون بە ئیسلام بەڵکو بە **کوشتن** و سەربڕین و تاڵانی کردن و کاولکردن و**سووتاندن و** داگیرکردن، بە زەبری شمشێر ئیسلامیان سەپاند بە سەریاندا .. چونکە ئاینی ئیسلام تا ئەمڕۆش بڕوایان بە فرە ئاینی و بە فرە نەتەوەیی نەبووە **و** نییە .. لە دڵەوە لە ئیسلام زیاتر هیچ ئاینێکی تر بە ئایین نازانن .. هێشتا تازە ئیسلام لە شاری مەدینە سەری هەڵدابوو .. داوایان لە جوولەکەکانی خەڵکی ڕەسەنی شاری مەدینە و، لە سەرۆکەکانی چەند هۆزێکی عەرەبی نیوچە دوورگەی عەرەبی کرد **و،** هەڕەشەیان لێکردن ئەگەر نەبن بە ئیسلام .. دەیان کوژن و تاڵانیان دەکەن . بەڵام نە جوولەکە**کان و** نە سەرکردەکانی بەشێکی زۆری هۆزە عەرەبەکان ئامادە نەبوون کە بە زۆر ببن بە ئیسلام، بۆیە لە لایەن ئیسلامەکانەوە بە**وە** تاوانبارکران کە ( کا**فرن** ) .. لەژێر ناوی ( الجهاد ) **دا، جوول**ەکەیەکی زۆر و چەندین سەرۆک هۆزی عەرەبیان تیرۆرکرد .. لە دوای کوچکردنی پێغەمبەر محەمەدیش .. کە چوار خەلیفەی ئیسلامی دەسەڵاتیان گرتەدەست و، هەر بە هەمان شێواز **و** بە زۆر و بە تۆقاندن و بە زەبری شمشێر و بە سەرپەڕاندن و خوێنڕشتن درێژەیان بە سەپاندنی ئیسلام **دا** . ئەو عەرەبە هەژارانەی کە لە نیوچە دوورگەی عەرە**بیدا، توانا**ی باجدا**نا**نیان نەبوو بە ناوی **( المرتـ**دین من

الاسلام : هەڵگەڕاوەکان لە ئیسلام ) تاوانبار کران و، لە ژێر ناوی الجهاد دا زۆریان لێکوشتن .. تەنانەت خەلیفەکان و سەرکردەکانی ئیسلام خۆشیان لە نێو یەکتریدا، لەسەر خەلیفایەتی و دەسەڵات و خۆلەپێشترزانین، تەبا نەبوون و لە دژی یەکتری پیلانیان گێڕا .. لە خەلیفەکانی راشدیندا تەنها ئەبو بەکری سەدیق مرد ( عوسمان کوری عەفان، عومەر کوڕی خەتاب، عەلی کوڕی تالیب ) هەرسێکیان بە پیلانی داڕێژراو و، لە کاتی نوێژدا لە لایەن ئیسلامەوە کوژران، هۆیەکانیش تەنها لەسەر دەسەڵات بوون .

( حەسەن کوڕی عەلی کوڕی تالیب ) لە لایەن ژنەکەیەوە دەرمان خوارد کرا .. ( حوسین کوڕی عەلی کوڕی تالیب ) لە لایەن سوپای ( یەزیدی کوڕی مەعاویە ) وە سەریان بری .. شەرشیان هەر لەسەر رابەرایەتی ئسلام و لەسەر وەرگرتنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی بوو .

لە سەردەمی عومەر کوڕی خەتاب، کە شانازییەکی زۆر بە ئازایەتی ( خالید کوڕی وەلید ) ەوە دەکرێ .. کەچی خالید ( مالیکی کوڕی نوێرە ) هەر لەبەر ئەوەی کە هاواری خالید نەبوو .. شمشێرەکەی خۆی سەری بڕی و سەری برژاند .. هەر لەو شەوەشدا بە زۆرداری ژنەکەی مالیکی لە خۆی مارەکرد .. گوایە عومەر کوڕی خەتاب بە دادپەروەر و مافپرس ناسرابوو، بەڵام هیچ لێپێچینەوەیەکی لەم تاوانەی خالید کوڕی وەلید نەکرد .. ئەمەش راستییە و قسەی هەڵبەستراو نییە و، لە لایەن مێژوونووسانی عەرەبەوە نووسراوە .

دواتریش عەرەب خۆشبڕوایی و دڵپاکی گەلانی تریان قوستەوە و ئیسلامیان کرد بە پەردەپۆشی بۆ ئامانجە رەگەزپەرستییەکانیان .. بە هەمان شێوە و بە ناوی( الجهاد)و لەژێر ئاڵای( لا اله الا الله محمد رسول الله )و، بەرزکردنەوەی پەیامی ( ذلك رسالة خالده) دا، بۆ داگیرکردنی وڵاتان و بۆ تاڵانکردنی سامانی گەلان تر لەژێر دروشمی ( سەر بۆ ئێمە و ماڵ بۆ ئێوە ) دا بە زەبری شمشێر و خوێنڕشتن و سەربڕین و دەست نەپاراستن و تاڵان کردن و، بە زۆر باج وەرگرتن، بە قەڵکوژی و چاوترساندن، گەلانی تریان بەوە تاوانبار کردن، کە ( زەردەشتین) یا ( جوولەکەن ) یا ( مەسیحین ) بەڵام لە راستیدا لەبەر ئەوە بوو کە عەرەب نەبوون .. کورد، یا فارس، یا ئاشووری، یا جوولەکە بوون .. واتە لە ژێر عەبای ئیسلامیدا، زۆر دڕندانە و دڵڕەقانە سیاسەتێکی رەگەزپەرستی عەرەبیی توند و تیژیان، لە دژی گەلانی کورد و فارس و

ئەمازیغی و ئاشووری پەیڕەوی دەکرد .. بە تایبەتیش لە دژی گەلی کوردمان .. چەندین کۆمەڵکوژیان لە کوردستاندا ئەنجامدا و، بە هەزاران کوردمان لە بەرگریکردن لە خاکی کوردستان شەهیدبوون . سامانێکی زۆری کوردستانیان بە دزی و بە تاڵانی بردن لەژێر ناوی(غنائم الحرب : دەستکەوتەکانی جەنگ) دا، لە خۆیان حەڵاڵ کردن .. شوێنەوار و بەڵگەیەکی مێژووی زۆری کوردیان وێرانکرد و سوتاندیان .. ئیسلامبوونی کورد و گەلانی کەش، بە زۆرداری و بە زەبری شمشێر بوو نەک بە حەزی خۆیان .. گەلی کورد لە هەموو گەلێکی تر، زیاتر باجی رەگەزپەرستی عەرەب و، توندڕەوی و توندوتیژی ئیسلامی داوە .. ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت، تا ئیستاش ئەو رق و کینەیەیان بەرانبەر بە کورد کۆتاییان نەهاتووە .. لە سەرەتاوە بە ( زەردەشتی) و بە (ئاگرپەرستی) و بە ( مەجوسی ) تاوانباریان کردین و، کوردقڕان وێرانکردنی کوردستانیان رەواکرد .. ە ئەمڕۆشدا، بە تاوانی ئێزیدی بوون، بە تاوانی دۆستی جوولەکە کورد کوشتنیان رەواکردوون و، بە تاڵانی بردنی سامانی کوردستانیان حەڵاڵ کردوون و، پەلماردانی ئافرەتی کوردیش بەشێکە لە لووتکەی بێڕەوشتیان .

بەعسییە رەگەزپەرست و دڕندە گۆڕبەگۆڕەکانی عێراق وسوریاش، کە ڤایرۆسی هەمان کولتووری بۆگەنن .. دروشمی ئەوانیش دژ بە گەلی کوردی ئازادیخوازمان ( سەر بۆ ئێمە و ماڵ بۆ ئێوە ) بوو، لە ژێر ناوی ئایەتێکی قورئاندا ( الأنفال ) دا، زیاتر لە ( دوو سەد هەزار ) کوردیان زیندەبەچاڵکردن کە منداڵی شیرەخۆرە و ئافرەتیان تێدا بوون .. لە ژێر ئاڵای ( الله اکبر ) و دروشمی ( امة عربیە واحدە .. ذات رسالة خالدە ) دا، پێنج هەزار کوردیان هەڵەبجە بە گازی ژاراوی شەهیدکرد .. بەشێکی زۆری وڵاتانی ئیسلامی نەک هەر ئیدانەی ئەم تاوانانەیان نەکرد .. بەڵکو ئافەرین و دەستخۆشیشیان لە دیکتاتۆری گۆڕبەگۆڕی بێڕەوشت سەدام حوسێن کرد .. هەر لەبەر ئەوەی کە کوردین .. هیچ میللەتێکی ئیسلامیش بە عەرەبەکانیشەوە، وەکو کورد بە پاکی و بە دڵسۆزی پێویستییەکانی یسلامییان جێبەجێ نەکردوون .. کورد پیاوەتییەکی زۆری بەسەر عەرەب و ئیسلامەوە هەیە .. بەڵام بە داخەوە لە بری پاداشتی پیاوەتیمان، زۆر بە ناپیاوی و نامەردی و دڕندانە و بێویژدانانە وەڵامی چاکەی کوردیان داوەتەوە و.. دەدەنەوە .

من منداڵ بووم ماڵمان لە گەڕەکی شۆریجە لە شاری کەرکوک بوو .. لەگەڵ چەند منداڵێکی هاوڕێ و هاوتەمەنی خۆمدا .. رۆژانی هەینی دەچووین بۆ مزگەوتێکی شۆڕیجە و نوێژی هەینیمان دەکرد .. پێشنوێژی مزگەوتەکە مەلایەکی کورد بوو .. لە کاتی وتار وێندنەوەی هەینیدا، بە پێوە دەوەستا و شمشێرێکی رووتی بە دەستی راستییەوە دەگرت .. لەو تەمەنەدا، نەمدەزانی لە کاتی وتارخوێندنەوەدا مەلاکان شمشێری رووت بە دەستەوە دەگرن .. بەڵام دواتر ئەوەم بۆ د کەوت، کە ئیسلام بە زەبری شمشێر و توندوتیژی و کوشتن و سەربڕین، ئیسلامیان بە سەر گەلاندا سەپاندوون .. لە وڵاتانی ئەوروپادا تا تەمەنی چواردە ساڵان لە هیچ منداڵێک ناپرسن، کە لەسەر چ ئاینێکی، کە بوون بە چوارده ساڵان منداڵان خۆیان ئازادن کە چ ئایینێک هەڵبژێرن .. ەڵام لە لای ئێمە، ئاین بۆتە رەمەک ( غەریزە) و، هەر وەکو ئەوەی لەگەڵ لە دایکبووندا، ئاینی ئیسلامیش لە خوێنیدا بێت .

ئەو تاوانانەی کە لە ئەمڕۆشدا، نەوەکانی خەلیفەکان، جاشە خۆفرۆش و بەکرێگیراوە ئیسلامییەکان (داعش، بۆکۆحەرام، بەرەی نوسرە، قاعیدە، چەتە ئیسلامییەکانی سۆمال، ئیسلامییە سیاسییە توندڕەوەکان ) دژ بە گەلانی ئازادیخواز ئەنجامیان دەدەن و، لە لایەن چەند دەوڵەتێکی رەگەزپەرستەوە هەموو یارمەتییەک دەدرێن .. بە تایبەتیش تاوانە بێوێنە و قێزەوەنەکانی داعشی دڕندە و بێڕەوشت و، بەرەی نوسرەی جاشی بەکرێگیراو، کە لەدژی گەلی کو ،ی بێتاوانمان لە سەر سنوورەکان و، هەندێ گوند و شارۆچکە و شارەکانی کوردستاندا ئەنجامیان دان و .. دەدەن .. شتێکی تازە و نامۆ نین، بەڵکو ئەم جاشانەش میراتگر و ڤایرۆسی هەمان کولتووری رەگەزپەرستیی بۆگەن و توندوتیژین .. ئەمانیش وەکو باپیرە گەورەکانیان، لە ژێر عەبا و مێزەری ئیسلامیدا، لەژێر هەمان ئاڵادا ( لا اله الا الله محمد رسول  ) دا .. خەڵکی بێتاوانی کورد و ئاینەکانی تر سەردەبڕن و دەسووتێنن و دەکوژن .. م ، و سامانی کورد و نەیارەکانیان دەدزن و تاڵان دەکەن، بەوپەڕی نامەردی و ێڕەوشتییەوە پەلاماری ژنان و کچان دەدەن و، بە دەستکەوتی جەنگیان دەزانن، ئەوەی کە داعشی بێڕەوشت بەرانبەر بە ژنانی برا ئێزیدییەکانمان دیان، دووبارەکردنەوەی هەمان رەفتاری قێزەوەنی سوپای ئیسلامییە کە لە کاتی خەلیفەکانی راشیدین و، لە سەردەمی دەوڵەتی ئەمەوی و دەوڵەتی

عەباسی بە ناوە ئیسلام ، لە کوردستاندا دژ بە کورد ئەنجامیان دان .. کورد وتەنی ئەمە ( خوویەکە گرتوویانە بەشیر، بۆیان تەرک ناکرێت بە پیری) لە سەردەمی ( ئەمەوییەکان ) دا، کورد ئیسلامیش بوون .. بەڵام بە چاوێکی سووکەوە لە کوردیان دەڕوانی و بە ( الموالي : لایەنگر ) ناویان دەبرد .. مەبەستیشیان لە مەوالی، واتە ئەو نەتەوانەی کە عەرەب نەبوون، کە بە رەسەنیان نازانین .. ئەرکیان لەسەر بوو .. بەڵام مافیان نەبوو .. باجێکی زۆریان خستبووە سەر کورد .

لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسیشدا کە ( بەرامیکەکان ) کە کورد بوون، داوای مافی خۆیان دەکرد .. بە ( الزندقە ) ناویان بردن و کوشتنیانیان رەواکردن .

بۆیە کارە بێرەوشتی و تاوانە قێزەووەنەکانی داعش، بەلامەوە نامۆ نین ، چونکە لە بۆشییەوە نەهاتوون، بەڵکو رەنگدانەوەی ئەو کولتوورە ئیسلامییە توندوتیژەن، کە بۆیان ماوەتەوە .. ئەوەی بەراوردێک لەگەڵ ئەو سەردەمە و لەگەڵ تاوانەکانی گرووپە دڕندە ئیسلامییەکانی ئەمڕۆ بکات .. جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکات لە نێوانیاندا .. ئەمانیش کارتێکراوی هەمان ئایدیۆلۆژیای بۆگەن و توندڕە و توندوتیژی و، قبووڵ نەکردنی فرە ئاینی و فرە نەتەوەیین.

ئەمەیە راستیی پەیامە پیرۆزەکەیان .. کە لە ژێر عەبا و مێزەرەکانیاندا، گەلێ نیەتی گڵاویان حەشارداون .. ئەمانیش درێژە بە کوشتن و داگیرکردن دەدەن بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و، بە فەرمانڕەوایی و، بە کویلەکردنی ژنان .. بۆ گەیشتن بە نیازە گڵاوەکانیان، تیۆری ( ئامانج پاکانە بۆ هۆیەکان دەکات ) پەیڕەوی دەکەن .. بەلایانەوە گرنگ نییە کە رووباری خوێنی بێتاوانن بڕێژن و، بە هەزاران بێتاوان بکوژن و سەربڕن .. بە دەیان گوند و شار و شارۆچکە وێران بکەن و .. بە هەزاران کەس ماڵوێران و ئاوارە و دەربەدەر بکەن .. جەردەیی و دزی و درۆ و بێرەوشتی و بێناموسی و بەدکاریش لە خەسڵەتە قێزەوەنەکانی ئەم ئیسلامییە مودێرزمانەن .. دڵنیام کە چارەنووسی ئەم دڕندە بێرەوشتانەش، ئەم جاشە خۆفرۆش و بە کرێگیراوانەش .. لە چارەنووسی بەعسییە رەگەزپەرستە گۆڕبەگۆڕەکان باشترنابێت .